# قۆناغی هەشتەمی ئەنفال و هێرشی کیمایی بۆسەرناوچەی بادینان

عومەرمحەمەد

لەئێوارە وەختێکی درەنگدا، ڕۆژی 24/ئابی 1988 ڕژێمی عێراق لەهێرشێکی ئاسمانی بەعسیانەدا یەکەمین هێرشی بەچەکی کیمیایی کردە سەرگوندی زێوەشکانی نزیك سنوری تورکیا، کەئەوکاتە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی لێبوو، هێرشەکە بووە هۆی گیان لەدەستدانی هەشت پێشمەرگەی (پ.د.ك)، بەهەمان ڕقیدرێوەوە ڕۆژی ئایندەش 25ی ئاب فڕۆکە جەنگییە کیمایی ڕژێنەکانی سوپای عێراق لەیەك کاتدا چەند هێرشێکی هاوشێوەو لێکچوویان بەدرێژایی 60میل دەستپێکردو بەخەستی ناوچەکەیان بۆمباران کردو ئەم هێرشانەش هەر لەجێدا نزیکەی 40 کەسی تری لەخەڵکی مەدەنی و پێشمەرگە کوشت و دواتریش بەهۆی ئەو کارەساتەوە سەدان کەس بەتایبەتی منداڵان گیانیان لەدەست دابوو، ئەمەش لەئەنجامی تێکەڵبوونی هەردوو گازە خەردەڵ و دمارەگازی سارینەوە بوو..
ئەمە جگە لەوەی هەر بەهۆی ئەو هێرشانەوە سەرمای چیاکان و نەخۆشی ناو کەمپەکانی ئاوارەبوون لەتورکیا چەندین کەس مردن و گیانیان لەدەستدا، لەیەکەم ڕۆژو دووەم ڕۆژی هێرشی قۆناغی هەشتەمی تاوانی ئەنفالدا بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان کەلەژێر چنگی دڵرەقی فڕۆکەوانەکانی بەعس ڕزگاریان بووبوو، هەشت فڕۆکەبوون هەموویان جۆرە بۆمبێکیان هەڵداوەتەخوارەوە کەدووکەڵێکی ئێجگار زۆریان لێ بەرزبۆتەوە, دوکەڵەکەیەکەمجار ڕەش و سپی و پاشان زەردهەڵگەڕاوەو بەشێوەیەکی ستونی بەرەو ئاسمان بەرزبوونەوە, ئەوجا دوکەڵەکە بڵاوبۆتەوەو دواجار نزم بووەتەوە بۆ ناودۆڵ و گوندو نزماییەکان، (سەرەتا بۆنی سێوو هەندێ شتی شیرینیان لێ دەهات) بەڵام زۆری پێ نەچووە تاڵ بووەو کاری کردۆتە سەردەم وچاوو پێستمان) پاش ئەوەی کەچوارکەسی لە گوند کوشتووە خەڵکی گوندەکە زانیویانە کەچەکی کیمیاییان لەدژ بەکارهێناوە، دواتریش حەقیقەتی ئەم تاوانە بۆ دنیا ئاشکرابوو کەلەکاتی مەرگەساتەکەدا بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، بەڵام 10/حوزەیرانی ساڵی 1992 (تیمێکی فۆرێسك) کەلەلایەن پزیشکانی مافی مرۆڤ و مێدڵ ئێست وۆچەوە نێردرابوونە کوردستان, نمونەی خۆڵی یەکێك لەو گوندانە (برجوین)یان کۆکردبۆوەو نمونەی خۆڵەکە لەوەو دوا لەدەزگای بەرگری کردنی کیمیایی و بایۆلۆجی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیای مەزن لەپرۆتۆن داون، شیتەڵ کرانەوەو پاشماوەی دەمارەگاز (GB)یان تێدا دۆزییەوە, کەوا بەسارینیش ناودەبرێت.
لەگەڵ پاشماوەی گازی خەردەڵدا، (بۆ ئەم ڕاستییە بڕوانە ڕاگەیاندنی (PHR) و چاودێری مافی مرۆڤ و کتێبی جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد).

ئیدی لەوهێرشەدا گوندەکانی (زێوەشکان، سارکی، گوێزێ، شێرانە، بریندجی لەناوچەی زاویتە، باوەڕکاکەڤڕی، توێکا، گەلناسکێ، تلاوکرێ، سپیندارۆك، بەرکەڤرێ، وەرمێلێ، مێرگەتوو، بلیجانێ، بانێی، گرکا و چەندین گوندی دی بەرهێرشەکە کەوتبوون.

هەروەها ڕۆژی سێیەمی هێرشی ئەنفال 26ی ئاب هێزی ئەنفالچی گەیشتنە سەرپردی باڵوکاو ڕێگای پەڕینەوەیان لەخەڵکی ناوچەکە گرت, کەبەرەو تورکیا ملی ئاوارەبوونییان گرتبووەبەر، گرتن و لێدانی پردی بالوکا بەگازی کیمیایی نامەردانەترین کردەوەی سوپای عێراق بوو، بەهۆی گازی کیمیاییەوە هەزاران لاشەی مردارەوەبووی باڵندەو ئاژەڵ و تەرمی مرۆڤ تێکەڵ بوون، بەجۆرێك کەپردی باڵوکا بەرلەگەیشتنی سوپا لەبەر لاشەی مردارەبووی ئاژەڵ پردەکە گیرابوو (میدل ئێست ئۆچ) بەم شێوەیە، بەرەبەیانی 28ی ئاب تەواوی ناوچەی بادینان دەست بەسەرداگیراو لەئەنجامی ئەنفالی بادیناندا سەدان ئافرەت و منداڵ لەناوچوون جگە لەهێرشی کیمایی، سەرماو گەرماش ڕەحمی

پێنەکردن و ژمارەیەکی زۆر گیانیان لەدەست دا، هەندێك لەپیاوان و کوڕەگەنجەکانی بادینان هەر لەشوێنی گرتنیان بەفەرمانێکی دڵرەقانە، یان بەمیزاجی ئەفسەرێك گوللەباران دەکران و پاکتاودەکران.

قەتڵ و عامی گوندی کورێمی کەدوو میل لەشارۆچکەی مانگێشەوە دوورە, خەڵکی کورێمی و هەندێك خەڵکی چلەکی پاش ئەوەی هیچ دەروازەیەکی رزگاربوونیان لەبەردەمدا نەما و گەڕانەوە گوند کەوتنە داوی سوپاو جاشە سوکەکانەوەو دەستی تەسلیمیان هەڵبڕی، هەرلەوێ دوو ئەفسەری سوپا پیاوەکانیان لەتەمەنی 13 ساڵییەوە جیاکردەوەو لەسەر چیچکان دایاننیشاندبوون و پاش هێورکردنەوە و هەندێك قسەی خۆش (کەئێوە زیانتان نییەو تەنانەت جگەرەو ئاویشیان دابوونێ) لەناکاو ئەفسەرەکە فەرمانی کوشتنی دابوو.. هەموویانیان گوللەباران کردبوو، لەوکحۆمەڵکوژییەدا, لەکۆی (33) کەس (27) کەسیان کوژرابوون, ئەوانە (18)یان خەڵکی گوندی کورێمی و 9یان خەڵکی چەلکێ بوون، جێگەی سەرسوڕمانە لەپاش ئەوەی کەسەربازەکان چووبوونە سەر لاشەکانیان و هەریەکەی (گوللەیەکی رەحمەت)یان پێوە نابوون بەو حاڵەش (6) کەسیان لێ دەرباز بوو.

ئەم کارەساتە هەتا ئەمڕۆش هەندێك تەم و مژو نهێنی تێدایە، تەنانەت بۆمیدڵ ئیست وۆچیش. جێگەی باسە، هەمان تراژیدیا لەگوندی مێرگەتووی قەتپاڵی چیای گارە دووبارە بووەوە، پاش ئەوەی ئەفسەرەکە بەهۆکی تۆکی لەگەڵ سەروتری خۆی قسەدەکات.. جاشێك بەنهێنی بەخەڵکەکە دەڵێت کەکابرا فەرمانی داوە (ژن و پیاوەکان لەیەك جیابکەرەوەو هەموو ئەوانەی تەمەنیان لەسەروو (15) ساڵەوەیە بیانکوژە) میدل ئیست وۆچ) پاش ئەوەی 12 کەسیان جیادەکاتەوەو دەیانکوژن 8 پیاویان لەتاریکیدا تێکەڵ بەژنەکان دەکەن و بەپیادە بەرەو سەرسەنگ دەیانبەن, لەوێ ( ئەفسەرێکی فەرماندە لەتوڕەییدا چاوی پەڕییە تەوقی سەری و قیڕاندی من نەم ووت بیانکوژن؟چۆن فەرمانی منتان بەجێ نهێناوە؟!) (شایەتحاڵەکانی میدڵ ئیست ئۆچ )

فەرمانەکەی دووبارە کردەوە: لەکوێ گیراون بیانگێڕنەوە بۆ ئەوێ و باگوللەباران بکرێن بەوشێوەیە فرمانەکەی بەجێ گەیەنراو هەر هەشت پیاوەکەیان پێکەوە دەست و قاچیان شەتەك دان و بەکلاشینکۆف دەستڕێژیان لێ کردن.

بەپێی قسەی پلە دارێکی سەربازی کەدواتر خۆی بۆ میدل ئیست وچ دواوە، فەرمانیان پێکراوە کەهەرچی کەسێك دەستگیردەکرێت لە تەمەنی (15-60) تەنانەت ئەوانەشی کەخۆیان بەدەستەوە دەدەن، دەبێت بکوژرێ.. ئەمەش هاوجووتە لەگەڵ بڕیارەکەی نوسینگەی باکوری ژمارە (3650)و(4008)ی حوزەیرانی ساڵی 1987 کە عەلی حسن المجید جێبەجێکەری بوو.. هەروەها ئەفسەرێکی تریش کەلەئیستخبارات کاری کردووە بۆ میدل ئیست وۆچ قسەدەکاو دەڵێ: (فەرمانەکانی (عەلی حەسەن مەجید) رون و ئاشکرابون ئەو نەیدەویست جارێکی تر ئەو مرۆڤانە ببینێتەوە کەخۆی ناوی تێکدەری لێ نابوون.